ئوردن بەفەرمی ئاسمانی خۆی بەووی سەرجەم فڕۆکە هاتوو و دەرچوو و ترانزێتەکاندا داخست

لەگەڵ زیادبوونی گرژییەکانی ناوچەکە و نزیکبوونەوەی وادەی هێرشی پێشبینیکراوی ئێران بە سەر ئیسرائیل، ئوردن بڕیاریدا لە ئێمشەوەوە، سنووری ئاسمانیی خۆی بە رووی هەموو فڕۆکەیەکدا دابخات. دەستەی ڕێکخستنی فڕۆکەوانیی سڤیلی ئوردن ئەمە شەممە، لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژە بەوە دەکات، بڕیاریانداوە "بە شێوەیەکی کاتی"، لە کاژێر 11:00ی ئێمشەوەوە بە کاتی نێوخۆ، کە دەکاتە هەمان کاتی هەولێر، ئاسمانی ئوردن بە رووی هەموو فڕۆکەیەک دابخات.

دەستەکە دەڵێت: لە پێناو "پاراستنی سەلامەتی و ئاسایشی فڕۆکەوانیی سڤیل لە ئاسمانی ئوردن و لە ژێر ڕۆشنایی زیادبوونی مەترسییەکان لە ناوچەکە" ئەم بڕیارەی داوە.